شاندێکی حزب سەردانی حزبی بێت نەهرێنی دیموکراتی دەکات

رۆژی 1-11-2010 بەبۆنەی سی و چوارمین ساڵیادی دامەزراندنی حزبی بێت نەهرێنی دیموکراتی، هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری شاندێک سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی بێت نەهرێنی کرد لە شارۆچکەی عەنکاوەو لەلایەن کاک ڕۆمێز هەکاری سکرتێری گشتی و ئەندامانی سەرکردایەتی بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا. سەرەتا هەڤاڵ ڕێکار بەناوی خۆی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستان پیرۆزبایی لە سکرتێرو ئەندامانی سەرکردایەتی و سەرجەم ئەندامانی حزبی بێت نەهرێنی دیموکراتی کردو هیوای سەرکەوتنی پێشکەوتنی بۆ بە ئاوات خواستن. هەروەها هیوای خواست کە هەموو ساڵێک بە خۆشیەوە یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی بێت نەهرێنی بکرێتەوە. ئەوسا کاک ڕۆمێو هەکاری لە جیاتی خۆی و ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی بێت نەهرێن زۆر سوپاسی هەڤاڵانی حزبی ڕزگاریی کوردستانی کرد و خۆشحاڵی خۆی لە سەردانەکە دەربڕی و جەختی کردەوە کە دەبێ پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان گوڕو تینێکی دیکەی پێبدرێتەوەو بەهێزتر بکرێت، چونکە ماوەیەکە خەمساردی لە پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکان وەدیار دەکەوێ، سەردان و چالاکی و کاری هاوبەش کەم بۆتەوە، بۆیە ڕێکار بەناوی خۆی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستان پیرۆزبایی لە سکرتێرو ئەندامانی سەرکردایەتی و سەرجەم ئەندامانی حزبی بێت نەهرێنی دیموکراتی، هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری شاندێک سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی بێت نەهرێنی کرد لە شارۆچکەی عەنکاوەو لەلایەن کاک

ڕوونکردنەوەیەک

لەژمارەی 17ی گۆڤاری فشار کە ڕۆژی 15-10-2010 بڵاوبۆتەوە، دیدارێکی من چاپ کراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پرسیارو وەڵامەکان کورت کرابوونەوە، ڕستەو پەڕەگرافەکان تێکەهەڵکێش کرابوون، هەندێک لە واتاکان و مەبەستەکان گۆڕابوون و ناڕوونیان لێوەبەرهەم هاتبوو، هەمان دیدار لە ماڵپەڕی بزووتنەوە نێتدا بڵاوکراوەتەوە، بەوهۆیەوە ڕەخنەو گلەیی زۆرم هاتە سەر، دوای قسەکردن لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە دیدارەکەیان ئەنجام دابوو، هۆکارەکەیان بۆ کورت کردنەوەی پرسیارەکان گێڕایەوە، بۆیە بڕیاریان دا کە ڕوونکردنەوەیەک بنووسن و لە ژمارەی داهاتووی گۆڤاری فشاردا بڵاوی بکەنەوە. منیش بە پێویستم زانی کە ئەم ڕوونکردنەوە بڵاو بکەمەوە، هەروەها هیواخوازم کە لەمەودوا وردبینی بنوێندرێ و هەڵەی وا تێپەڕ نەبێت .

ڕێکار ئەحمەد

سکرتێری گشتی حزبی ڕزگاریی کوردستان

پەیامی پیرۆزبایی حزب بۆ ڕێزدار سەرۆک تاڵەبانی

بەبۆنەی هەڵبژاردنەوەی ڕێزدار مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق، هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب بەناوی خۆی و حزبی ڕزگاریی کوردستانەوە پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ ناردن و هیوای تەمەندرێژی و سەرکەوتنی بۆ بە ئاوات خواست کەئەمەش دەقەکەیەتی:

ڕێزدارو خاوەنشکۆ سەرۆک مام جەلال!

دوای سڵاو و ڕێزی بێپایانەوە..

بەبۆنەی هەڵبژاردنەوەی بەڕێزتان بە سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ، بەختەوەرم بەناوی خۆم و لە جیاتی هەڤاڵانم لە حزبی ڕزگاریی کوردستاندا جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و لە کاتی ئەوە هاتووە جارێکی دیکەش بە هەناسەیەکی نوێوە پەیوەندیەکان نۆژەن بکرێنەوەو درێژە بە کاری هاوبەش و سازادنی هاوڕایی بدرێت.

سەلاح بەرواری مالێئاوایی لە ژیان دەکات

ئێوارەی ڕۆژی 25-11-2010 کاک سەلاح بەروارێ کادری پێشکەوتووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری دیمەشق مالێئاوایی لە ژیان کرد، لەو پێوەندەدا هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب بروسکەیەکی ماتەمینی بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ڕەوانە کرد کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕێز مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان!

بەداخ و پەژارەیکی زۆرەوە هەواڵی مالێئاوایی کاک سەلاح بەروارێ، کادری پێشکەتووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕم پێگەیشت، لەو پێوەندەدا پرسەو سەرەخۆشی خۆم لە ئێوەی بەڕێزو لەڕێی ئێوەشەوە پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕواری سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و لە هەردوو گەلی کوردستان و عێراق بکەم، هیواخوازین کە گەلانی عێراق لەسایەی سەرۆکایەتی ئێوەی خاوەنشکۆدا بە خەونی لەمێژینەی خۆیان کە پتەوکردنی برایەتی، دۆستایەتی و بەرقەرارکردنی وەکهەڤی و ئاشتی هەمیشەییە، بگات.

بەڕێزو خاوەنشکۆ سەرۆک مام جەلال! ئەمجارەشیان ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پێکهاتە سیاسیەکان هەنگاوێکی ڕاست و ئەڕێنیان هەڵێنایەوەو ئێوەی بلیمەت و خاوەن ئەزموونیان بۆ سەرۆکایەتی کۆمار هەڵبژاردەوە، بەو کارەشیان نەخشی مێژوویی خۆیان کایە کردەوە، چونکە ئێمەو و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی دەکەم و خۆشم بە هاوخەمتان دەزانم.

بەڕێزان! هەواڵی لە ناوەختی کۆچی دوایی کاک سەلاح بەروارێ ئێمەی تاساند، چونکە ئەو تێکۆشەرە هێشتا توانای زۆری هەبوو کە پێشکەش بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بە گەلی کوردستانی بکات، من لە نزیکەوە کاک سەلاح بەرواریم دەناسی، بەتایبەتیش ئەو کاتانەی کە هەردووکمان بەیەکەوە لە پارتی گەلی دیموکراتی کوردستاندا هەڤاڵ و هاوخەبات بووین. ئەو لە هەڕەتی لاویدا تێکەڵاوی تێکۆشانی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان ببوو، لە بواری ڕاگەیاندنیدا نەخشی بەرچاوی هەبوو، بەوهۆیەوە مالێئاواییکردنی ئەو تێکۆشەرە لەم کاتەدا بە زیانی بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕۆشنبیری گەلەکەمان تەواو دەبێت و لە سوێی داین. هیواخوازین کە هاوسەنگەرانی خەون و ئاواتەکانی بەجێ بهێنن.

گیانی شادو ڕێگەی پڕ ڕێبوار بێ.

ڕێکار ئەحمەد

سکرتێری گشتی

حزبی ڕزگاریی کوردستان

2010-11-26

سکرتێری حزب سەردانی پارتی گەلی تورکمانی کوردستان دەکات

کاتژمێر 14ی ڕۆژی 14-11-2010 هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری شاندێک سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی تورکمانی کوردستانی کرد، لە شاری کەرکوک و لەلایەن بەڕێز کاک عیرفان کەرکوکی سکرتێری گشتی بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکدا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان بەتایبەتیش ڕەوشی پارێزگای کەرکوک کرا.

برایانی پارتی گەلی تورکمان جەختیان لەسەر بەهێزکردنی پێوەندی نێوان هەردوو لایەنی حزبی ڕزگاری و پارتی گەلی تورکمانی کوردستان کردەوەو مێژووی ئەو پێوەندیەشیان بۆ حەڤدە ساڵ لەمەوبەر گێڕایەوەو وەبیریان هێنایەوە کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە چەندین کاری هاوبەش بەیەکەوە ئەنجام دراون و هەوڵیش دەدەن لە داهاتوودا زیاتر گەشە بەو پێوەندیە بدرێ، زۆر گرنگ و پێویستە کە هاوهەنگی و هاوکاری نێوان هەردوولایەن لە پارێزگای کەرکوک گەشەی زیاتری پێبدرێ و کاری هاوبەش ئەنجام بدرێ، بەتایبەتی کە ئێستا بە خشکەیی هەست بە تەعریب کردنەوەی شارەکە دەکرێ، ڕۆژانە چەندین خێزان ڕوو لە شاری کەرکوک دەکەن، یان زەوی و خانوو دەکڕن و دەیانەوێ لەسەر ناوی خۆیاندا تۆماری بکەن.

زانایێکی ئایینی بە پاساوی هاندانی خەڵک دەستگیر دەکرێ

ڕۆژی 19-11-2010 مامۆستایێکی ئایینی لە شاری مەخمور لە وتاری ڕۆژی هەینیدا بابەتی کردنەوەی مەیخانەیەک لە شارۆچکەکە دێنێتەگۆڕی و هێرش دەکاتە سەر لایەنی پەیوەنددارو داواش لە خەڵکەکە دەکات کە بەهیچ شێوەیەک ڕێ نەدەن مەیخانە لەو شارۆچکەیەدا بکرێتەوە، بەوهۆیەوە خەڵکێکی زۆر سەردانی قایمقام دەکەن سکاڵای لێدەکەن، کاتێک مامۆستاکە دەچێتە قایمقامیەت لەوێ بڕیاری دەستگیرکردنی دەدرێ و لەوێ دەهێڵرێتەوە. لەبەرانبەر ئەو کارەدا یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلام دەکەونەخۆ داوای ئازادکردنی دەکەن، دوای ئازادکردنەکەشی بەیاننامەیەک بڵاو دەکەنەوە کە تێیدا هاتووە: (دوای ئەوەی هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە، کە لە قەزای مەخمور یانەیەکی مەیخواردنەوە دەکرێتەوە، وەک هەڵوێستوەرگرتن لە بەرامبەر ئەو کارەو، لەبەر ئەوەی سەرجەمی دانیشتوانی ئەو قەزایە موسڵمانن و هیچ ئایینێکی دیکەی تێدا نییە، بەڕێز مامۆستا مەلا (سەید عەلی سید ڕەمەزان) پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی (سەید عومەر) لە مەخمور، بۆ گەیاندنی دەنگی نارەزایی پەیوەندی بە بەڕێز قائیمقامی مەخمورەوە دەکاتو، داوا دەکات، کە ئەو کارە نەکرێت، لە بەرامبەر ئەو کارەدا بڕیاری دەستگیرکردنی مامۆستا دەدرێت.

دوای زانینی هەواڵەکە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە جددی کەوتە کار بۆ گەییشتن بە ئەنجامەکانی ئەو کارەو، هەروەها پارێزگاریکردن لە مامۆستای ئایینی، بۆ ئەم مەبەستە مالپەڕی زانایان پەیوەندی کرد بە بەڕێز مامۆستا مەلا موسا بەرپرسی ناوچەی مەخموری یەکێتی زانایان، بەڕێزیان پێی ڕاگەیاندین: بەداخەوە چەند کاتژمێرێک دواکەوتین، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە من پرسەم هەبوو لە هەولێر، لەگەڵ زانینی هەواڵەکە دەست بەجێ گەڕامەوە مەخمور، دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێز کاک بارزان سەید کاکە قائمقامی مەخمور دەرکەوت کە جۆرە بە هەڵەلێک حاڵیبوونێک هەبووە، بۆیە دوای بەدواداچووندنو ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، قائیمقام فەرمانی دا کە مامۆستا بەڕێزەوە بگەڕێتەوە ماڵەوە.